### لەپەروایێزی نامەی 11 نووسەری بەڕێزدا

# سەرنج و ڕەخنە و پیشنیاز بۆماڵپەری دەنگەکان ، یان تۆمەتدانە پاڵ چەپ و کۆمۆنیستەکان، و هەوڵدان بۆ کەلەپچەکردنی ئازادی بیروڕا

**عبداللە مەحمود**

abdulla.mahmud@gmail.com

4/24 نامەی ژمارەیەك نووسەری بەڕێز لەماڵپەری دەنگەکاندا بڵاوکراوەتەوە. وەکو خۆیان دەڵێن هەندێ سەرنج و پێشنیازو ڕەخنەی خۆیان ئاراستەی ماڵپەری دەنگەکان کردووە، بەمەبەستی پێشخستنی سایتەکە. بەڵام بەداخەوە هەرکەسێکی ئازادیخوازو سکولار کەبڕوای بەبنەما سەرەکییەکان و تەنانەت سەرەتاییەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی و ئازادی بیروڕاو ڕەخنەگرتن و بڵاوبونەوە هەبێت، لەیەکەم دێڕی ئەم نامەیەوە درکی ئەو ڕاستیە دەکات کە ئەم نامەیە جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ لەخاچدانی ماڵپەری دەنگەکان و کردنی بەخزمەتکاری کەلتوری هەرە دواکەوتوو و کۆنەپاریزی کومەڵگای کوردستان، وە جگە لە هێنانەگۆڕی چەندین دۆسیەی تر لەوانە هێرشی بیٚ پاساو تۆمەتی ناڕەوا لەدژی کۆمۆنیستەکان و تەنانەت ئازادی و سکولاریزم زیاتر شتێکی تری تیا نییە.

سەرەتای نامەکەیان بە سوپاس" لەڕاستیدا بەگومانێك" بۆ ماڵپەری دەنگەکان دەست پێدەکەن، و دەڵێن (....شایانی باسە گرنگییدانتان بەدۆزی ئەنفال و هەوڵەکانتان لەو ئاراستەیەدا بەرز دەنرخێنین....) ئەمە بەر لەهەموو شت گومانێکە و دەیانەویٚ پێیان بڵێن سەیرە ئێوە ئەو کارەتان کردووە، ئەگەر نا هەموو کەس دەزانێت ماڵپەری دەنگەکان هەمیشە چ لەسەر کێشەی ئەنفال و کیمیاباران، تادەگاتە دۆسیەی دادگایی سەدام وسەرانی، دۆسیەی گەندەڵی، دۆسیەی بەرگری لە ئازادی سیاسی، کورتی نەهێناوە. بەڵام ئەوان لە چوارچێوەی ئەو کەمپەینە ناشایستەیەدا کە نەخشەمەندانە لەدژی ماڵپەری دەنگەکان بەبیانوی بڵاوکردنەوەی کەمپەینی وتووێژی مۆدێرن دەستی پێکراوە، دەیانەوێت پەیامی خۆیان بدەن، پەیامێك بەداخەوە ناتەندروستە و دڵسۆزانە نییە. من بۆ نیشاندانی پەیامەکەیان بەپێویستی دەزانم بەکورتی چەند شت بڵێم و چەند پرسیار لەو بەڕێزانە بکەم.

1- بەڕێزان ئەگەر مەبەستتان ئەوەیە هەندیٚ سەرنج و پێشنیازو ڕەخنە ئاراستەی ماڵپەری دەنگەکان بکەن، هۆکارەکەی چییە، چەندین دۆسیەی ترتان تێکەڵ کردووە، هۆکارەکەی چییە کۆمۆنیستەکان وچەپەکان لەهەموو خاڵەکاندا لەڕیزی بەعسیەکان و تەکفیریەکان، قاعیدەییەکان، ئیسلامییەکان، شۆفینستەکان، هێزە سەدامیەکاندا دانراون، هۆی چییە دەڵێن بڵاوکردنەوەی نوسینی چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ماڵپەرەکەتاندا کاریگەری نێگەتیفی دەبێت لەسەرتان؟ ئەم وەحیەتان لەکوێوە بۆهات کەدەڵێن کۆمۆنیستەکان وچەپەکان سەربکەن بەهەرشوێنێکدا خەڵك لێیان دوور دەکەوێتەوە، چونکە هیچ متمانەیەکی سیاسی و هەلوێستێکی لێبراوانەیان نییە لەسەرهیچ کێشەیەکی سیاسی کە چارەنووسی گەلی کوردی پێوە بەند بێت؟!

بەڕاستی جێگای داخ و کلۆڵیەکی گەورەیە هەندێك نووسەر ئاوا بدوێن و ئاوا هەڵسەنگاندن بکەن، ئاخر هەرکەسێکی ئەمەکدار ئەو نامەیەو ئەو هێرشە ناشیانەیە ببینیٚ یەکسەر ئەڵێت، ئایا کۆمەڵگای عێراق گیرۆدەی دەستی کۆمۆنیستەکانە، و ڕۆژنامەگەری کوردیش گرفتاری بیرکردنەوەی زاڵی کۆمۆنیزم و چەپەکانە بەسەر کۆمەڵگادا. سەیر ئەوەیە بەشێك لەو برا بەڕێزانە ئەگەر باسی کۆمۆنیستەکان بکەیت دەڵێن کۆمۆنیستەکان لەکوردستان بوونیان نییەو کەس نایان ناسێت، هیچ دەورو کاریگەریەکیان نییە، کەچی ئەوەتا خۆیان دەڵێن ئەو چەپ و کۆمۆنیستانە بچنە هەر شوێنێك خەڵك لێیان دوورئەکەوێتەوە چونکە هیچ متمانەو هەڵوێستێکی لێبڕاویان نییە، ئەگەر وایە ئەم هات وهاوارو فیغانە چییە لەدەست کۆمۆنیستەکان هەتانە؟ ئەگەر کۆمۆنیستەکان هێندە بێکاریگەرو نامۆن بەکۆمەڵگا، حیکمەت چییە خۆتان وا پێیانەوە سەغڵەت کردووە، لێیان ناگەڕێن و دەست لەیەخەیان ناکەنەوە. بەڕێزان کۆمەڵگای عێراق پڕە لەجانەوەری قەومی و ئیسلامی" بەکوردو عەرەبەوە، بەسونەو شیعەوە، پڕە لەباندی ئینساکوژو سەنگسارکەر، پڕە لە باندی ژنکوژو مافیای دز، پڕە لە....... تاد، ئێوە لەناو هەموئەمانەدا بۆ شەڕی کۆمۆنیستەکان ئەکەن .

من خوێنەران و هەموو ئینسانێکی بەویژدان دەکەمە دادوەر و دەپرسم، ئایا ئەوە هێزی چەکداری حزبی کۆمۆنیست و چەپەکانە بەرگری لەبەعسیەکان دەکەن لەکەرکوك و سەراسەری کوردستاندا، و داڵدەیان ئەدەن؟ ئەوە میلیشایی چەپ و کۆمۆنیستەکانە ڕێگا نادەن ئاوارەکانی شاری کەرکوك بگەڕێنەوە شارەکە؟ ئەوە کۆمۆنیستەکان و چەپەکانن ئاوارەکانی کەرکوکیان لە سلێمانی و هەولێردا ناو ناوە ئاوارە؟ ئەوە کۆمۆنیستەکان و چەپەکانن کە چارەنووسی ژیان گوزەرانی ئاوارەکانیان خستۆتە ناو کەلاوەی ڕووخاو بیناکانی ئەمنی کۆنی بەعسی لەگۆڕنراو و ژێر چادر ؟ ئەوە کۆمۆنیستەکان بوون لەیەکەم ڕۆژی کەوتنی بەعسدا چوون کەرکوکی" قودس و دڵیان"  تاڵان کرد؟ ئەوە کۆمۆنیستەکان و چەپەکانن، باندی ئینسان کوژیان لەکەرکوك هەیە و لەسەر ناسنامە خەڵکی بێتاوان قەسابی دەکەن؟ئەوە کۆمۆنیستەکان وچەپەکانن دژی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوکن؟ ئەوە چەپ و کۆمۆنیستەکانن خەریکن نەك کەرکوك تەواوی کوردستان دەگێرنەوە بۆ ناو باوەشی حکومەتێکی قەومی-ئیسلامی؟ ئەوە کۆمۆنیستەکانن لەگەڵ ئیسلامیەکان و تەکفیری و قاعیدەیەکان و کۆنەبەعسیەکان لە گفتوگۆو سازشدان؟ ئەوە چەپ و کۆمۆنیستەکانن لەگەڵ شوفینستەکانی عەرەب و تورك و ئیسلامییەکان و بەعسیەکاندان لە حکومەتدان؟ ئەوە ئەوانن پێشوازی لە ئیسلامیەکان و تۆرانیەکان و بەعسیەکان دەکەن و فەرشی سوریان بۆدادەخەن؟ چەپ وکۆمۆنیستەکانن کە کەرکوکیان کردۆتە کارتی سات و سەودا لەگەڵ بەعسیەکان و ئیسلامیەکان و تورکیا؟ ئەوە کۆمۆنیستەکانن ڕیفراندۆمیان بەوێنەی گەڕانەوە بۆ بڕیاری ئازادانەی خەڵك کردۆتە کارتی گوشار؟ ئەگەر ئەوانن بێمنەتبن و بڵێن و نمونەیەك بێنەوە، بامنی ئەندامی حزبی کۆمۆنیست ئیستقالەی خۆم بنوسم، ئەگەر وا نییە ڕاسپێردراوی کێن ئەو بوختانانە تەخشان وپەخشان ئەکەن، چ خێرێکی بۆتان تیایە؟ هیوادارم کە ئەم تۆمەتانەتان بۆ ناسەلمێت وەکو خەڵکی مۆدیرنی ئەم سەردەمە، ئێوە ئیستقالە بدەن دەست لەوکارەتان بکێشنەوە.

وە من لە بەشێك( نەك هەمووتان) لە ئێوە دەپرسم بۆچی لەبەرامبەر کوشتاری هەزاران ژندا بێدەنگن؟ لە سەنگسارکردنی ژنان بێدەنگن" لەوانەیە ئەوەتان لەو مەنتیقەوە بێت کە کچەکە دڵی بەکوڕێکی عەرەبەوە بووە"؟ یان پێتان وایە جاری سەردەمی کێشەی نەتەوایەتی یە وکوشتنی ژنان و زۆر مەسەلەی تر ... بۆ دوای ڕزگاری نیشتمانی یە!.  بۆ زوربەتان لە سەر تیرۆری سەدان ئینسانی پێشکەوتنخواز نقەتان لێوەنەهات، لەگەڵ پەلبەستکردنی ڕۆژنامە نووسەکان بۆ زیندان و شکنجەدانیان مێش میوانتان نیە" مەگەر حاڵەتی تایبەت و هەڵبژێردراو".

2- ئێوە کە کەمپەینی ماڵپەڕی "وتووێژی مۆدێرن" بە پیلان دادەنێن بەدژی خەڵکی کوردستان، و بەتایبەتیش بەدژی خەڵکی کەرکوك، هۆکەی چییە لەجیاتی ڕەخنەی مەنتیقی، لەجیاتی نیشاندانی پەیامەکەیان، لەجیاتی ڕەخنەگرتن لە ناوەڕۆکەکەی، لەجیاتی نیشاندانی لاوازییەکانی، لەجیاتی کەن وشەن کردنی هەمەلایەنەی ، بۆچی دێن بێ هیچ لێکدانەوەو قسەیەکی مەنتیقی دەکەونە تانەو تەشەرو و سوکایەتیکردن پێیان، ئەمەیە بڕوابوونەکەتان بە ئازادی ڕادەربرین و ئازادی سیاسی؟ ئاوا بەرگری لە ئازادی ڕادەربرین و بەیان و بڵاوکردنەوەو چاپەمەنی  دەکەن؟!

3-ئێوە دەڵێن هەژمونی کۆمۆنیستەکان و چەپەکان وبەسەر دەنگەکانەوە.. کاریگەری نێگەتیفی دەبێت و دەنگەکان ئەجندای خۆی هەیە، ئەوان هەرچیەك بن (مەبەستیان کۆمۆنیست و چەپەکانە) هیچ پەیوەندیەکیان بەدنیای نووسین و داهێنانەوە نییە.....

بەڕاستی سەیرە، تائێستا مارکس گەورەترین فەیلەسوفی دنیایە بەدانپیانانی دام ودەزگاکانی بۆرژوازی و لەهەردەنگدانێکدا کە بۆ دیاریکردنی فەیلەسوفی زەمانە بۆرژوازی خۆی سازی دەکات، مارکس هەر یەکەمە، وەتائێستاش کاپیتاڵی مارکس یەکەمین و گرنگترین کتێبی دنیایە، لەکاتێکدا وەکو دەڵێن بەوێنەی ئینجیل لەسەر ڕەفەی ماڵ و ئوتێلەکان و کتێبخانەکاندا نییە، و ئەبێ بەتایبەت بچیت دەستی بخەیت، و تەنانەت لە زانکۆکانیش دەریان هێناوە کەچی تائێستا یەکەمین کتێبی دنیایە، کۆمۆنیستەکانیش بەقەولی ئێوە بەڕێزان هیچ کاریگەریەکیان نییە، ئەی کەوایە بۆ ئەو ئازادیە ڕەوانابینن پێیان ووتارەکانیان بۆ بڵاوبکرێتەوە؟ ئەتانەوێت دەرگای ماڵپەڕەکانیان بەڕوودا دابخرێت؟ مەگەر ئێوە وەکو دەڵێن بڕواتان بەئازادی نووسین و چاپەمەنی نییە؟ ئێوە نوێنەری کێن؟ لە ئێستای دنیادا کە تزار نزیکەی سەدەیەکە لەدەسەڵات کێشراوەتە خوارەوە کەچی ئێستا ئێوە دەتانەوێ بەرهەمی

چەپ و کۆمۆنیستەکان، سانسۆر بکرێت؟ بەم ڕوانینەتانەوە بەدووری نازانم پێشنیارێك بکەن بۆ یاساغکردنی نوسینی چەپ و کۆمۆنیستەکان. بەڵام دیارە دەتانەوێ ئەم پیشنیازەتان لە ماڵپەری دەنگەکانەوە دەست پێبکات.
دنیایەکی سەیرە، بۆزۆر کەس هەڵگرتنی بیروباوەر مۆدە، ئێستا کە مارکسیزم کۆمۆنیزم وەکو بەر لەساڵانی 1989 مۆد نییەو لەمۆد کەوتووە، ئێوەش بۆئەوەی بەشتان لە نەزمی بەناونوێی دنیا، لەوەش واوەتر لەنەزمی نوێی ناو نەزمی نوێی دیموکراسی پێببڕێت، لەکاتێکدا دنیا شاهیدی پاشەکشەی هێرشە بۆسەر چەپ و کۆمۆنیزم ئێوە هەر دژایەتی کۆمۆنیزم بە پیرۆز دەزانن. بەداخەوە.

4–دەڵێن هەندێك نووسەر لەباوەشی دەسەڵاتدان و باش نییە شتیان بۆ بڵاوبکرێتەوە لە ماڵپەری دەنگەکاندا، من ئەوەشم بەلاوە سەیرە، من نازانم ئێوە بڕواتان بە چ ئازادییەکە؟ هەرکەس وەکو ئێوە بیرنەکاتەوە، مەحکوم بە سانسۆرە؟ هەرکەس بەرگری لەدەسەڵات کرد، مولحیدی کوردایەتییەکەی ئێوەیە؟ بۆ ئەبێ خەڵك ئازاد نەبێت لەگەڵ چ ئەحزابێکەو چ ئایدۆلۆژیەکی هەیە و بەرگری لەکێ ئەکات؟ بەڕێزان لێگەڕێن با خەڵك ئازادبێت چی ئەنووسێت و چۆن بیرئەکەنەوە، بۆکێ ئەنووسن و بەرگری لە کام حزب و ئایدۆلۆژیا دەکەن، ئەوەی هێڵی سورە شکاندنی شەخسیەتە، ئیهانەو سوکایەتی پێکردنە، تۆمەت و بوختان دروستکردنە، ناوزڕاندنە، ئەگەر نا هیچ بیروباوەرو ئایدۆلۆژیایەك، هیچ عادات و هیچ سەرکردەیەك، هیچ ڕەمزو مێژوویەك، پیرۆز نییە. ئەوەی پیرۆزە ئینسانە بەهەر ئایدۆلۆژیاو بیروباوەرو پاشخانێکی سیاسی و حیزبی و ئەخلاقیەوە و....تاد. هێڵی سور تەنها ئیهانەو سوکایەتی و ڕوشاندنی شەخسیەتی ئینسانە و نابێ ڕێگەی پێبدرێت.

5– ئێوە دەتانەوێ بەخەڵك بڵێن ئەحزابی دەسەڵات بەدەستی کوردستان کوردایەتی ناکەن و نەتەوەیی نین، بۆیە جارجار لەوانەیە گلەییان لێبکەن. بەڵام ئەمە ڕاستییەکی سادەو سەلماوە کەهەمیشە هەڵگرانی بیری نەتەوەیی قوبانیین، بەڕێزان دەمارگیری نەتەوەیی بوو فاشیزمی لە ئیتالیا بەرهەم هێنا، دەمارگیری نەتەوەیی بوو نازیزمی لێکەوتەوە، نەتەوەچێتی بوو بەعسی کردە دڕندە، ئێمە وەکو خەڵکی کەرکوك و تەواوی کوردستان بووین بە قوربانی بیری نەتەوەیی، بەعس چونکە بنەماکەی بیری نەتەوەیی بوو، قەوارەی دەوڵەتی بەهەمان عەقڵی نەتەوەپەرستیەوە لێپێکهات ئێمەی خەڵکی کوردستان کراین بەپلەدوو، سەرکوتی سیاسی کراین، تەعریب و تەبعیس و تەهجیر کراین، زیندانی و ئیعدام کراین، کۆمەڵکوژو غازباران کراین، ئەگەر بڕیارە ئێمە قوربانیانی دوێنی نەبینە جەلادی ئەمڕۆ، ئەبێ سکولارو مەدەنی بین، بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوك و یەکلاییکردنەوەی ئایندەو چارەنووسی کوردستان، ئەبێ تاقیکردنەوەی فاشیلی بەعس کە نەتەوەپەرستی و نەتەوە چێتی بوو، توڕبدەین و وەکو ئینسانی ئازادیخواز و مۆردێرن بچینە ململانێی دوژمنان و خەباتیش بۆ پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆی علمانی غەیرە قەومی بێت، لەو ڕوانگەیەشەوە دەتوانین ڕێز لەمافە فەردی ومەدەنیەکان وئازادییەکان بگرین. ئەگەر نا باسی ئازادی و ئازادی ڕۆژنامەگەری، باسی مافە فەردی و مەدەنیەکان، پولێکی قەڵب ناکات. کەس بەهەڵگرتنی بیری تەسکی نەتەوەچێتییەوە ناتوانرێ ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز بیت، دنیا شاهیدی ئەو ڕاستیەیە. بەتایبەت لەم سەردەمەدا نەتەوەچێتی یانی نازیزم فاشیزم.

6– لەکۆتاییدا ماوە بڵێم، من ڕێزم هەیە بۆ هەمووتان، ئێوە ئازادن هەر بیروباوەڕێکتان هەبێت یان ڕەخنە لەهەر بیروباوەڕێك بگرن، بەڵام من و هەموو کەسێکی تریش ئەو مافەمان هەیە بەرگری لەخۆمان بکەین و بەشێوەی شارستانیانە بەیانی هەڵوێست و بۆچوونی خۆمان بکەین و بۆچوونەکانمان بخەینە ڕوو، ڕەخنە لە بابەت و مەسەلەو ڕووداوێك بگرین کە پێمان وایە دروست نییە. ئەمەیە کۆمەك بە کۆمەڵگاو ئازادی دەکات، نەك ناوزڕاندن و بوختان و تاوان خستنە پاڵ ئەم و ئەو و تەلبەندکردنی ئازادی بۆ ئەوانی تر کە وەکو یەك و دەوێش ئاسا بیرناکەنەوە.

تێبینی: من خۆم بواردووە لە وەڵام دانەوە بەو سەرنج و ڕەخنەو پیشنیازانەی ڕووی تایبەتی لە ماڵپەڕی دەنگەکانە، ستاڤ دەنگەکان خۆیان ئازادن چی وەڵامێك و هەڵوێستێکیان دەبێت.

2007–4–25